# مردن و ئیشکالییەتەکانی لە فیکری ئیسلامییدا

**خەسرەو مەحمود**

توێژەر لە بەشی توێژینەوەی ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر

## پێشەکی

قسەکردن لەسەر مەرگ ڕاستەوخۆ بە قسەکردن لەبارەی ژیانەوە گرێدراوە، لێرەوە هەموو هەڵەتێگەیشتنێک لە مەرگ، بەدحاڵیبوون لە ژیانی لێدەکەوێتەوە. بوونی هەر کێشەیەک بەرامبەر بە مەرگ و ماناکانی، لەخودی خۆیدا کێشەیە لە ئاست ژیان و هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەریدا.

هەموو تێگەیشتنێکی هەڵەش بەرامبەر بە ژیان، لە بەرژەوەندی مەرگ تەواودەبێت، واتە هەڵوێستێکی مەرگدۆستانەی لێدەکەوێتەوە.

جیهانی ئیسلامی لەمڕۆدا لەبەردەم قەیرانێکی گەورەی خوێندنەوەی ئاینەکەیدایە، هۆکاری سەرەکیش لێرەدا بۆ تەسلیمبوونی بە خوێندنەوەی سەلەفیانە و ترادسیۆنالیانە دەگەڕێتەوە، کە خوێندنەوەیەکی دەقگەراییانەی ڕوکەشە، بە چەشنێک کە ئەقڵ تێیدا پاسیف و وەستاوە، ئەرک و وەزیفەیەکی ئەوتۆی لەم ڕووەوە پێنەبەخشراوە.

خوێندنەوەی دەقگەرانە واتە ژیان لەناو ڕابردوودا، ژیانکردنیش لە ڕابردوودا مانای ئامادەنەبوونە لە ئێستادا، لە دۆخێکی لەم چەشنەدا کە تێڕوانینمان بەرامبەر بەکۆی بابەت و کایەکانی ژیان ڕابردووگەرانەو دەقگەرانەیە، کەواتە هەڵوێستمان بەرامبەر بە بابەتێکی وەک مەرگ بەر لەسەرجەم بابەتەکانی دیکە سەر بەڕابردوو و ڕوکەشی دەقەکانە. هۆکارەکەش لێرەدا ڕوونە، و بریتیە لەوەی کە بیرکردنەوەی ئاینی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بیرکردنەوە لە مەرگ وەستاوە، یان لانیکەم مەرگ یەکێکە لەو پایە سەرەکیانەی کە بیرکردنەوەی ئاینی تەقلیدیانەیان ڕاگرتووە.

لێرەوە بۆئەوەی قۆناغێک بەرەو ژیان بێینەوە، کەمێك لێرە و لەئێستا نزیک ببینەوە، دەبێت بە تێگەیشتنماندا بچینەوە سەبارەت بەو بابەتانەی لەکاتی مەرگ و دوای مەرگدا ڕوودەدەن، بۆ ئەوەی چیتر وەک حەقیقەتی ڕەهاو ڕاستی چەسپێنراو بۆئەو چەشنە بابەتانە نەڕوانین.

هەروەها بۆئەوەی لە ڕاستیەش ئاگاداربین کە ئەوەی باسوخواسەکانی مردنی بەم ئەنجامە نەرێنییە گەیاندووە، واتە بە ئاڕاستەی دەقگەراییدا بردویەتی، بریتیە لەو دەقانەی بەناوی فەرمودەی سەحیحەوە هاتون، واتە ئەو دەقانەی دراونەتە پاڵ پێغەمبەر (د.خ) و وەک دەقی قورئان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لەکاتێکدا کە هەدنێک

لەو دەق و بابەتانە بە ئاشکرا لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا ناکۆکن، هەندێکی دیکەشیان لەگەڵ ڕۆحی ئیسلام و جەوهەری ئاینیدا ناتەبان، کۆمەڵێکی دیکەشیان لەڕووی مانا و ناوەڕۆکەوە سەر بە ئەفسانە کۆنەکانن و لە کەلتور و خورافەی میللیەوە هەڵێنجراون.

## بەشی یەکەم: دەروازەی گشتی

## باسی یەکەم: چۆن لە مەرگ بڕوانین؟

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەموو مرۆڤێك بەجۆرێک لەجۆرەکان یان لەئاستێک لەئاستەکاندا نیگەرانی بەرامبەر مردن هەیە، جاروبار لە ژیاندا وەک کۆتاییەکی سەخت و دژوار، وەک لەدەستدانی هەلی ژیان و نەمانی چوست و چالاکی لێی دەڕوانرێت. واتە هەموو تاکێک بیر لەوە دەکاتەوە کە کاتێك دێت کە ئەم ژیانەو ئاوەدانی و خۆشیەکانی جێدەهێڵێت. ڕۆژێکدێت ون دەبێت و دیار نامێنێت بەناچاری لە هەموو شتێك دادەبڕێت و دووردەکەوێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەم هەستە لەناخی مرۆڤدا بەهێز و بەردەوامبێت چی ڕوودەدات؟ دەبێت دۆخێکی دەروونی لەم چەشنە بۆ مرۆڤیک چۆنبێت کە زۆرجار ژیانی هاوڕێی بە کێشە و قەیران و ئازادی هەمەچەشن؟ ئەوێك کە بەدەست ژیانەوە گیرۆدەیە، بیرکردنەوە لە مردنیەتی مەرگیش لەولاوە یەخەی پێبگرێت چی بەسەردێت؟!

بۆ مرۆڤێك کە پێویست بکات بە ئەرێنی بیر لەهەرکردار و چالاکییەکی هەموو کاتێکی ژیانی بکاتەوە، بۆ دەبێت بیرکردنەوە لە مردن لەلای نەرێنی بێت، لەکاتێکدا کە مردن بەکۆی کاتەکانی ژیانی و تەواوی تەمەنیەوە پەیوەستە؟!

مەبەست ئەوەیە مادامەکی مەرگ هەیە مرۆڤ دەبێت بە چالاکی و خەونی گۆڕانکاری و داهێنانەوە ژیان بەڕێبکات، وەک تاکە هەل و دەرفەتێك کە پێویستی بە قۆزتنەوە هەیە، نەک بەپێچەوانەوە بیرکردنەوە لە مەرگ یان بوونی حەقیقەتی مردن ژیانی بیربەرێتەوە، وزە و تواناکانی ئیفلیج بکات، وە هیوا و ئاوەتەکانی لەناوجەرگەی ژیاندا ڕادەستی مردن بکات. لێرەدایە کە زەکەریا ئیبراهیمی فەیلەسوفی ناوداری عەرەبی دەڵێت: (( لەکاتێکدا کە {ترس لە ژیان} دەبێتە هۆی وەستان {یان ڕێگرتن} لەهەوڵی تاکەکەسی، دەبینین کە {ترس لە مردن} ئەوەیە کە کەسەکە بۆ ئەنجامدانی هەوڵێکی زیندو و چالاکانە {هان بدات}.[1] هەروەها سەبارەت بەوەی کە مەرگ ماناو بەها بەژیانی دەبەخشێت، دەڵێت : (( لە ڕاستیدا {مردن} – بەمانایەک لەماناکان- ئەو بابەتەیە کە هەموو بەهایەک بەژیان دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی ئاگادارمان دەکات بەوەی کە ئەو {ساتانە}ی لەبەردەستماندان گەنجینەکی بەنرخ دەنوێنن کە نابێت کەمتەرخەمبین تێیدا! هەر مردنیشە کە بۆ ژیان بناغەمان بۆ دادەنێت، لەبەرئەوەی بۆمان دەسەلمێنێت کە هیچ شتێك لە ژیانمان بەنرختر نیە، و ئێمە تەنیا یەکجار دەژین، نە لەسەرمان پێویستە {نەبۆشمان هەیە} ساڵەکانی

[1]- الدكتور زكريا إبراهيم ، مشكلة الحياة، دار مصر للطابعه، ص ٢٠٦- ٢٠٧.

تەمەنمان بێهودە بەفیڕۆبدەین! ئەوە ڕاستە کە بەردەوامی ژیان زۆرجار بەهای ئەو بوونەمان لەبیردەباتەوە کە پێیدەژین، بەڵام ئەوە حەقیقەتی مردنیشە کە دێت و بەبیرمان دێنێتەوە کە ژیانمان خاوەنی بەهایەکی ناکۆتایە!)).[2]

لەبەرئەوە ئەو کەسەی دڵەڕاوکێ و ترسی مردن ژیانی لێ هەراسان دەکات، کەسێکە کە نەدەزانێت بژی و نەدەشتوانێت بمرێت، چونکە زۆربەی ئەو کەسانە بوێریی خۆکوشتنیان نییە تا خۆیان لەو جۆرە ژیانە ڕزگاربکەن کەبیرکردنەوە لەبوونی مردن تێیدا لەخودی مردن خۆی ترسناکتر و سەختترە! واتە ئەو کەسە لەنێوان ژیان و مردن گیریخواردووە، لەم دۆخەدا نەک تەنیا لە ئازاری بیرکردنەوە لە مردندا دەژی، بەڵکو هاوکات تراژیدیای مانەوە لە زیندوێتیش دەچێژێت.

دیارە زۆرێک لە بیریاران و فەیلەسوفان و ئاینداران و هونەرمەندان بەدرێژایی مێژوو، ڕەشبینیانە بۆ مەرگیان ڕوانیوە، و نەرێنیانە مامەڵەیان لەتەکدا کردووە، بەڵام ئەم هەڵوێستەیان هەرگیز نابێتە پاساو بۆ مەرگدۆستی و بۆ ڕەوایەتیدان بە بیرکردنەوەی نێگەتیفیان لەمەرگ.

بێگومان لەبەرامبەردا فەیلەسوفان و بیریارانێکیش بەدی دەکەین کە لەبەرامبەر مەرگدا هەڵوێستی پێچەوانە وەردەگرن، و پۆزەتیڤانە بۆی دەڕوانن، کە ئەم جۆرەیان بەلای ئێمەوە مەبەستە، و ژیاندۆستانەترە، بۆ نموونە (( بە پرواى کیرکەگارد ئەوەی لەمەرگدا گرنگە ئەوەیە کە هۆکارێکە بۆ جیدی بیرکردنەوە. جیدییەتێک کە بەقسەی کیرکەگارد کەوانی بیرکردنەوەی مرۆڤ وەها ڕاستدەکاتەوە، بتوانێت ڕێك تیری خۆی بە ئاڕاستەیەک بهاوێژێت، کە بەبێ مردن و بیرکردنەوە لە مردن ئەو ڕاستکردنەوەیە نەکردە و مەحاڵە)).[3]

واپێدەچێت هەستکردن بەوەی ژیان کاتییە هەستکردنێکی پێویست بێت، چونکە گەر بهاتبایە و لەبەرامبەر کاتیبوونی ژیاندا هەستمان بە ئەبەدیبوونی بکردایە، یان ژیان بۆخۆی هەتاهەتایی بوایە دەبوایە چۆن بەڕێمان بکردبایە، سوودوەرگرتن لە کاتەکانی و دانانی بەرنامە و هەستکردن بە بەڕێکردنی ژیان چۆن بوایە؟! دیارە ژیان مەحاڵ دەبوو، لێرەوە مادامەکی ژیان کاتییە کەواتە بوونی مردن و بیرکردنەوە لێی و هۆشیاربوون پێی دەبێتە ئەنجامێکی حەتمی، بەڵام بەو مەرجەی لەگەڵ ژیاندا دژنەیەتەوە و ڕەشبینیانە نەبێت، لێرەشەوەیە کە ئەدۆنیس دەڵێت: (( ئەو کەسەی هەست بە مردن نەکات مومکین نییە هەست بە ژیان بکات. جا بۆئەوەی ژیانێکی باشتر بژین، دەبێ هەستێکی قوڵمان بۆ مەرگ هەبێت )).[4]

هەربۆیە (( کردنی مەرگ بە سەنتەری بیرکردنەوە لەبوون، مۆڵەت بە لەدایکبوونی ژیارێکی نوێش دەدات، لەبەر ئەوەی ڕۆحی شارستانێتی بێداردەبێتەوە لەو ساتەدا کە ڕوانینەکەی بەرەو مەرگ ئاڕاستە وەردەگرێت بەچەشنێک کە نهێنی بوون بۆ ئەو ژیارە

[2] - هەمان سەرچاوە، ل ٢١٨.

[3]- بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، ٢٠١١، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ل ٢٠٣.

[4] - ئەدۆنیس، شوناسی تەواونەکراو ( داهێنان، ئاین، سیاسەت، سێکس)، و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لە بلاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ٢٠٠٨، ل ٩١


CHAWDER Enlightenment Center© | Research Department

کەشف بکات. وەکئەوەی لۆژیکی شارستانێتی – ئیدی سەبارەت بە ژیاری ئەوروپی بێت یان ژیاری نوێ- واجببونی هاتنەئارای ئەم ڕێبازە نوێیە لەمڕۆدا ڕابگەیەنێت، بەرپرسیارێتی بنیادنانەکەشی لەهەمان کاتدا بەپرسیارێتیەکی دوالیستانەیە )).[5]
مردن پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی {بوون}ی مرۆڤە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت (( مادامەکی مرۆڤ هەیە، ئەوا دەبێت بوونێکی کاتی هەبێت و بمرێت)).[6]

## باسی دووەم: ترس لەمردن

سەبارەت بە دیاردەی مردن، دیارترین و کاریگەرترین بابەت بریتیە لە بوونی ترس لێی. لەبەرامبەر مردندا ئێمە ڕووبەڕووی چەندین جۆری ترس دەبینەوە کە دیارترینیشیان ترسە لە ئازاری مەرگ و لەناوچوونمان، سەبارەت بە ئاینداارانیش ترسە لە سزای ناوگۆڕ و سزای قیامەت، جۆرەکانی دیکەی ترسیش بریتین لە ترسی لەدەستدانی چێژ و خۆشیەکانی ژیان، و ترسی دورکەوتنەوە لە کەس‌وکار و هاوڕێ و خۆشەویستان، ترسی فریانەکەوتنی چێژوەرگرتنی پێویست لەژیان، ترسی پێرانەگەیشتنی ئەنجامدانی پرۆژەکانمان.

بوونی ترس لەمردن بابەتێکی گشتی و حەتمییە، وەک دەرئەنجامێکی سروشتی و ئاسایی بیرکردنەوە لەمەرگ دادەنرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا ناسروشتی و نەرێنییە، گەیشتنی ئاستی ئەو ترسەیە بە ڕادەیەکی ترسناک و شێوەفۆبیاییانە. واتە ئامادەبوونی ترسێکە کە دۆخێکی دەروونی ناتەندروستی لێدەکەوێتەوە، بەڕادەیەک فشار دەخاتەسەری کە لەنەخۆشی دەروونی نزیکی دەکاتەوە.

زەکەریا ئیبراهیم دەڵێت : (( بەڵام ئێمە تەنیا لەبەرئەوە لە مردن ناترسین کە ڕووداوێکی تاکەکەسیانەی بەئازارە و تەنیایی لە سەختیەکەی زیاد دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوە لێی دەترسین چونکە ناتوانین وێنای ئەوە بکەین کە هەموو ئەوەی لەمردندا هەیە هەر مردنە! ئەمەش مانای وایە کە ترسمان لە مردن - وەک ئێدگار پۆ تێبینی کردووە- گوزارشت لە تۆقینی ئێمە دەکات لەوەی بە زیندوویی بنێژرێین، وەک ئەوە لەوە بترسین کە مردنەکەمان مردنێکی تەواو نەبێت، یان وەکئەوەی وێنای ئەوە بکەین کە لەمردنەکەشماندا زیندوو دەمێنینەوە! کەواتە ترسی ئێمە لەمردن لەلایەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە وەک مردوانێکی زیندوو وێنای خۆمان دەکەین وەکئەوەی مردن مردنێکی پەتی نەبێت، بەڵکو هەستکردنێکی زیندوانەبێت بە فەنابوون)).[7]

دکتۆر ئەحمەد محەمەد عبدالخالق لە کتێبەکەیدا (قلق الموت) ئاماژە بەپلەو ئاستە جیاوازەکانی ترسی مرۆڤەکان لەمردن دەکات : (( کەواتە ئێمە هەموومان لە مردن دەترسین بەڵام بەپلەی جیاواز، وەک پراکتیککردنێکی پرنسیپە سایکۆلۆژیە گشتیەکانیش لەم بوارەدا، دەڵێین { ترس لە مردن لە پلەیەکی نزمدا} بابەتێکی تەواو دروست و ئاساییە، { ترس لە مردن بەپلەیەکی مامناوەندیش} بەهەمان شێوە،



5- عبدالرحمن بدوي، الموت والعبقرية، دار القام، بيروت، ١٩٤٥، ص ٣١.
6- د.محمد کەمال، ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ، یانەی قەڵەم، چاپی سێیەم، ٢٠١١، ل٨٦.
7- الدكتور زكريا إبراهيم، مشكلة الإنسان، دار مصر الطابعة، ١١٣.

لەکاتێکدا کە {ترس لەمردن لەپلەیەکی بەرزدا} کارێکی ناتەندروستانەیە، واتە نیشانەیەکی نەخۆشیانەی دەگمەنە کە بەڵگەیە بۆ پشێوەییەکی توندی ئینفیعالیانە)).[8]

سەبارەت بە هەڵوێستی مسوڵمانانی ئەمڕۆ لەبارەی ترس لە مردنەوە، هەڵوێستێکی زیاتر نەرێنیانەیە، گەرچی دیدو تێڕوانینی ئیسلامیانەی ڕاستەقینە یان قورئانیانە لەبنەڕەتدا بەرامبەر مردن زیاتر ئەرێنیانەیە، بەڵام لەو سۆنگەیەوە کە مامەڵەکردنی مسوڵمانان لەئێستادا لەبەرامبەر ژیانیشدا پاسیف و نەرێنیە، بێ بەرهەم و چالاکی داهێنانە، لەبەرئەوە لەبەرامبەر مردندا نەرێنیتریش دەبێت. مسوڵمانانی ئەمڕۆ گەر لەبەرامبەر خوێندنەوەی دەقەکاندا بەگشتی دەستەوەستان بن، ئەوا سەبارەت بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەو دەق و بابەتانەی لەبارەی مەرگ و بابەتەکانیەوە دەدوێن دەستەوەستانتر و ڕدۆنگتر دەبن. بەو پێیەی ئەوەی لە هەڵوێستوەرگرتن لەبەرامبەر ژیان و کایە و بابەتەکانیدا بوێری پێویستی نەبێت، ئەوا لەئاستی بابەتەکانی مردندا جورئەتی کەمتریش دەبێت، نەخوازەڵا گەر بابەتەکە ترس لەمردنیش بێت، واتە بەرامبەر بابەتێك بێت کە لەخودیخۆیدا بەترس دەورەدرابێت و بە دڵەڕاوکێ تەنرابێت!

ترس یەکێکە لەو دۆخە ناتەندروستە دەروونیانەی کە بەرامبەر بە بابەتەکانی ناو ژیانیش نێگەتیف و زیانبەخشە، چجای بەرامبەر بە بابەتێکی وەک مەرگ کەخۆی ڕەمزی ترس و تۆقینە. بوونی ترس تەنیا لەیەک حاڵەتدا تەندروست و پۆزەتیف و بەرهەمدارە کەببێتە هۆکاری زیادبوونی هۆشیاریی و ئاگاداریی بەرامبەر بە بەباتی لێترساو، کە لەم دۆخەشدا لەوە دەکەوێت کەچیتر ترس بێت، بەڵکو لەڕاستیدا دەبێت بەهۆشداریی و وریایی یان دەتوانین بە بایەخدان بە بابەتەکە ناوزەدی بکەین. بۆ نموونە ترس لە دەرنەچوون لە تاقیکردنەوەکانی خوێندن، ترس لە سەرنەکەوتن لەکار و کاسبیدا، ترس لەنەگەیشتن بە مەبەست و ئامانجەکان، تەنانەت ترس لە نەخۆشیش، دەکرێت ئەم ترسانە هەموویان بەجۆرێک لە نیگەرانی لێکبدەینەوە کە لەخەمخۆریی و بایەخپێدانەوە هاتون، هەربۆیە دەکرێت بڵێین لەبنەڕەتدا ترس نین بەڵکو بەهەڵە بەترس هەژمارکراون.

## بەشی دووەم: ڕۆح و ئەجەل و گیانکێشان

### باسی یەکەم: بەلاڕێدابردنی باسوخواسی ڕۆح

ئەو ئایەتەی لە قورئانی پیرۆزدا باسی نهێنیبوونی ڕۆح دەکات، بەچەشنێک ئاشنایە بە مسوڵمانان کە هەندێک لەجەماوەرە گشتیەکەش بیستویانە و لەبەریشیانە، و بریتیە لە ئایەتی ٨٥ی سورەتی (الإسراء): (( وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلا قَلِيلا)) واتە: هەروەها لەبارەی ڕۆحەوە پرسیارت لێدەکەن، (.....) ڕۆح لە (بابەتێکی تایبەتی) پەروەردگارمە، زانستیشیان پێنەدراوە تەنیا کەمێک نەبێت.



---

[8] - د.احمد محمد عبدالخالق، قلق الموت، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٧، ص ١٩.

ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنج و تێڕامانە، ئەوەیە کە گەرچی ئەم ئایەتە زۆر بەڕوونی و ڕاشکاوی بابەتی ڕۆح دەداتە پاڵ پەروەردگار و تایبەتی دەکات پێیەوە، تاکە ئایەتێکیشە لەمڕووەوە هاتبێ، بەڵام دەبینین موفەسیرەکانی قورئان بەگشتی هەوڵی تەفسیرکردنی ڕۆح دەدەن، و چەندین بابەتی لەبارەوە باس دەکەن، واتە دەیانەوێت بەزۆرەملێ نهێنی بابەتێك بخەنەڕوو کەلەناو قورئاندا وەک گەورەترین نهێنی، بەڵکو وەک ڕەمز بۆ نهێنی، ئاماژەی پێکراوە. لەم نێوەندەدا لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کە چەندین دەق بەناوی فەرمودەوە دەخەنە ڕوو کەگوایە ئەم فەرمووادانە هەندێك نهێنی ڕۆحیان باسکردووە! لەکاتێکدا نەک تەنها فەرمودەش، بەڵکو قسەی هاوەڵان و تابیعین و زانایانی دیکەش لەمبارەیەوە دەهێننەوە، گوایە تەنانەت ئەمانیش هەندێك لەو (أمر)ەی خودا دەزانن، و لەمبارەیەوە زانیاریی پێ بەخشراوە!

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ دەبێت ئەو فەرمودانە یان ئەو زانایانە لەمبارەیەوە بەچی گەیشتبن و چ نهێنیەکیان بۆ کەشف بوویێت؟ بێگومان بەوەدا کە گەیشتن بەنهێنی و دەستکەوتنی وەڵام لەمڕووەوە و لەناو بازنەی ئاین و غەیبیاتدا کارێکی مەحاڵە، دەکەوینە بەردەم دەقگەلێکەوە کە پێموایە هەرکەسێک لەئاین و فیکرو زانست شارەزابێت، واتە هەرکەسێک خاوەنی کەمێك هۆشیاریی زانستی و مەعریفی بێت، بۆی ئاشکرا دەبێت کە ئەو دەقانە بەرهەمی وەهم و خەیاڵپڵاو و بیرکردنەوەی خورافین، و لەئاین و کەلتورە کۆنەکانەوە ماونەتەوە.!

بەناوبانگترین و بەربڵاوترین و متمانەپێکراوترین تەفسیری قورئان لای سەلەفیەکان، واتە لای ئەو جۆرە زانا مسوڵمانانەی گوایە زۆر سورن لەسەر ئەوەی بەپلەی یەکەم بۆ قورئان خۆی بگەڕێنەوە، و بەلای لێکدانەوە و بابەتی لاواز و بێبنەمادا نەچن، تەفسیری ئیبن کەسیر، لەم تەفسیرەدا سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەی تایبەت بە ڕۆحە (٨٥ی سورەتی ئیسرا)، باس و بابەتی سەیر بەدی دەکەین، کە هیچ پەیوەندیەکیان بە مەسەلەکە خۆیەوە نیە! (( ئیبن کەسیر دەڵێت موفەسیرەکان ڕای جیایان هەیە لەسەر وشەی (ڕۆح) لێرەدا، دەڵێت یەکەم ڕایان ئەوەیە کە مەبەست ڕۆحەکانی بەنی ئادەمە. کە لەڕاستیدا بەس ئەم تەفسیرە هەیە، هەربۆیە بۆچونەکانی دواتر هەموویان لاوازن: عەلی لە ئەبو تەلحەوە، و ئەویش لە ئیبن عەباسەوە دەیگێڕێتەوە کە گوتویەتی: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ) دەڵێت: ڕۆح فریشتەیەکە (الروح ملك)، واتە مەبەست لە ڕۆح لێرەدا فریشتەیەکە!

سوهەیلی دەڵێت: مەبەست لە(قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي) واتە: لە شەرعی ئەوە، واتە چوونەتە ناویەوە (ناو باسوخواسەکانیەوە) و ئەوەشتان زانیوە، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگایەک بۆ زانینی ئەمە بوونی نییە نە بەسروشت (طبع) و نەفەلسەفە، بەڵکو لەڕێگەی شەرعەوە دەستدەخرێت..

لەپاشاندا سوهەیلی ناکۆکی نێوان زانایانی باس کردووە سەبارەت بەوەی ڕۆح بریتیە لە (نفس) یان بابەتی تر... لەکۆتاییدا ابن کثیر دەڵێت: گوتم: خەڵکی لە ماهیەتی ڕۆح و ئەحکامەکانی دواون، و کتێبیان لەوبارەیەوە داناون، لەباشترین ئەو کەسانەش کە لەو بارەیەوە قسەی کردووە (حافظ ابن مندە)یە لەکتێبێکدا کە بیستومانە لەبارەی ڕۆحەوە.

لەپەراوێزدا نوسراوە (ابن قيم) لە کتێبەکەیدا (الروح) سوودی لەم کتێبەی ابن مندە بینیوە.[9]

لێرەدا دەپرسین: ئایە ئەوە ڕاستە کە سوهیلی دەڵێت زانینی ماهیەتی ڕۆح لەڕێگەی شەرعەوە دەستەبەر دەبێت؟! مەگەر قورئان کتێبی شەرعەکە نیە کە دەفەرموێت: ڕۆح تایبەتە بە پەروەردگارەوە، و زانستێکی کەم نەبێت پێتان نەبەخشراو. مەگەر مەبەستەکە تەواو ڕوون نییە کە (إِلَّا قَلِيلًا) مەگەر کەمێک (لەزانست)، مەبەست پێی ئەوەیە کە ئەوزانستە جێگای ڕۆحی تێدا نابێتەوە و ڕۆح ناگرێتەوە، بۆ ئەوە کە رۆح بگرێتەوە دەبێت پێشتر نهێنی دیکەی گەورەش بگرێتەوە!

هەروەها چۆن دەبێت کەسێکی وەک (ابن کثیر) باس لەوەبکات کە کتێبی زۆر لەبارەی ڕۆحەوە دانراون، لەکاتێکدا کە بەدەقی ڕاشکاوی قورئان ناتوانێت هیچی لەبارەوە بزانێت؟! دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە ئەم تەفسیرە بابەت و لێکدانەوەی زۆر سەیرتر و نامۆتری تێدایە کەمن نەقڵم نەکردن، لەبەرئەوە ساغکەرەوەی تەفسیرەکە ئەو گوتە و لێکدانەوانەی ساغکردۆتەوەو زۆربەیان لاواز دەرچوون! کەسێک نیە بپرسێت: چۆن زیاتر لەهەزار ساڵ بەسەر نوسینی ئەم تەفسیرەدا تێپەڕیوە کەچی تازە دەزانرێت کە لایەکی لاوازە! چۆن تائێستا زانایانی موسوڵمانان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی و متمانەپێکراو بۆ تەواوی دەقەکانی ئەم تەفسیرەیان ڕوانیوە؟!!

لەپاڵ ئەوەدا کە ئەم لێکدانەوانە بۆ ڕۆح لەگەڵ قورئاندا ناگونجێن، و باس لە نهێنیەکی شاراوە دەکەن کە درکی پێ ناکەن، ڕێ خۆشکردن بۆئەو جۆرە تەفسیر و لێکدانەوانە، زەمینە بۆ خورافات و بابەتی بێبنەما خۆشدەکەن و کردوشیانە، لەهەمان کاتدا مرۆڤ بە بابەتگەلێکی بێهودە و بێبنەماوە سەرقاڵ دەکەن کە بابەتە جەوهەریەکانی لەبیردەبەنەوە، بوار بۆ بایەخدان پێیان ناهێڵنەوە یان کەمدەکەنەوە.

بابێینە سەر یەکێکی دیکە لەتەفسیرە ناودارەکان، کە یەکێکە لەو تەفسیرانەی زۆر بەکاردێت، ئەویش تەفسیرەکەی (شوکانی)یە؛ (فتح القدير).

شەوکانی دەڵێت: (( {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ } خەڵکی جیاوازیان تێکەوتووە سەبارەت بەو ڕۆحەی لێرەدا پرسیاری لەبارەوە کراوە، گوتراوە: ئەو ڕۆحەیە کە کاروباری لەش دەباتبەڕێوە کە ژیانی ئەوی پێوەبەندە، زۆربەی موفەسیرەکانیش ئەمەیان گوتووە، (و هەڵبژاردووە). فەڕاء گوتویەتی: ڕۆح کە مرۆڤی پێ دەژی، خودا هیچ یەکێک لە دروستکراوەکانی خۆی ئاگادارنەکردووە لێی، زانستەکەشی نەداوە بەهیچ یەکێک لەبەندەکانی، و فەرمویەتی( قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي) واتە؛ ئێوە نایزانن، گوتراویشە: ئەو رۆحەی پرسیاری لەبارەوە کراوە جبرئیلە، گوتراویشە؛ عیسایە، گوتراویشە؛ قورئانە، گوتراویشە؛ فریشتەیەکە لە فریشتەکان کە بەمەزنی دروستکراوە، گوتراویشە؛ دروستکراوانێک وەک بەنی ئادەم، شتی تریش گوتراوە کە هیچ سود و بەهایەک لەهێنانیاندا نیە، ئاشکراکەیان گوتەی یەکەمە)).[10]



[9]- الإمام ابن كثير، تفسير القرأان العظيم، تحقيق، د حكمت بن بشير بن ياسين، دار ابن الجوزي، ١٤٣١هـ، ج ٥، ص ١١٤- ١١٧.

[10]- الإمام الشوكانه، فتح القدير، المتنى به وراجع اصوله يوسف الغوش، دار المعرفة، بيروت، لبنان، ط٥، ٢٠٠٨، ص٨٣٩-٨٤٠.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی لێرەدا مایەی هەڵوێستە لەسەرکردنە، کتێبەکەی (ابن قيم الجوزية)یە، بەناوی (الروح)ەوە. وەک لەناونیشانەکەوە دیارە کتێبەکە تایبەتە بە باسوخواسی ڕۆحەوە کەدەیان تەوەری بۆ داناوە، و لەچەندین لق و پۆپی باسوخواسی ئەم بابەتە هەستیارە نەزانراوە دواوە! لەکاتێکدا کە (ابن قيم) قوتابی (ابن تيمية)یە، و یەکێکە لەسەرچاوە سەرەکیەکانی سەلەفیەکان، ئەو سەلەفیانەی گوایە بەردەوام بەدوای بەڵگەی بەهێزو یەکلاکەرەوە لەناو قورئان و فەرمودەدا دەگەڕێن! و هەر فەرمودەیەک یان قسە و بڕیاری هەر زانایەک لەگەڵ قورئان و جەوهەری ئایندا یەکنەگرێتەوە قەبووڵی ناکەن!

ئەم کتێبە لەچاپە نوێیەکەیدا قەبارەکەی گەیشتووەتە (٦٠٠) لاپەڕە! لەبارەی بابەتێکەوە کە بەگوێرەی ئایەتەکەی سورەتی ئیسراء بێت لەبارەی ڕۆحەوە، تەنانەت یەک دێری دروستیش لەبارەیەوە بوونی نیە و نابێت هەبێت، چونکە زانیاریەکی تایبەتە بەخودا و هەر تایبەت بەویش دەمێنێتەوە! بەداخەوە لێرەدا بواری ئەوەمان نیە هیچ شتێکی لێوە نەقڵ بکەین، بەڵام دواتر لەباسوخواسی سزای ناوگۆڕدا بۆی دەگەڕێینەوە. [11]

ئیمام (ابن ابى العز الدمشقي)یش لەشەرحە ناودارەکەیدا بۆ یەکێک لە بەناوبانگترین و پیرۆزترین ئەو کتێبانەی باسی چۆنیەتی عەقیدە و بیروباوەڕی مرۆڤی مسوڵمان دەکەن لای مسوڵمانانی سوننە مەزهەب کە بە ئەممای سوونە و جەماعە بەناوبانگن، بابەتی سەیر و نامۆی لەبارەی ڕۆحەوە وروژاندووە، وەک ئەوەی دەڵێت: خەڵکی کەوتونەتە جیاوازییەوە؛ ئاخۆ ڕۆح دەمرێت یان نا؟ کۆمەڵێکیان دەڵێت دەمرێت چونکە نەفسە.... . کەسانێکی دیکەش دەڵێن ڕۆحەکان نامرن چونکە بۆ مانەوە دروستکراون... [12]

یەکێکی دیکە لەو شەرحانەی لەسەر عەقیدەی طەحاوی کراوە، و هی نوسەرێکی تازەیە، و بەشێوەیەکی تێر و تەسەل ڕاڤەی بابەتاکانی کردووە، لە دوو بەرگی گەورە و بەهەردووکیانەوە لە (١٥٤٨) لاپەڕەدا، ئەم نوسەرەش لەپاڵ دوبارەکردنەوەی ئەوەی موفەسیرەکان سەبارەت بەئایەتەکی ڕۆح (٨٥ ی اسراء) و مەسەلەی ڕۆح گوتویانە، هەندێک بابەتی دیکەی سەیر و سەرنجڕاکێشی تێدایە؛ لەتەوەرێکی ئەم بابەتەدا بەناونیشانی (اختلاف العلماء في معرفة الروح)، واتە؛ جیاوازی زانایان لەبارەی زانینی ڕۆحەوە، دەڵێت:

(( هەندێک گوتویانە: لەئایەتەکەدا بەڵگەی ئەوەی تێدانیە کە خودا پێغەمبەرەکەی خۆی لە حەقیقەتی ڕۆح ئاگادارنەکردووە، بەڵکو ئەگەری هەیە کەئاگادری کردبێت، و فەرمانی پێنەدابێت کە خەڵکی ئاگاداربکات، سەبارەت بەزانینی هاتنی کاتی ڕۆژی دوایشدا هەر ئەمەیان وتووە، خوداش زاناترە)). [13]

---

[11]- ابن قيم الجوزية، الروح، حقق مضوصه و خرجه يوسف عاى بديوي، دار ابن كثير، دمشق – بيروت، الطبعة الثامنة، ٢٠١٨.

[12]- ابن ابي العز الدمشقي، شرح العقيدة الطحاوية، حققة وعلق عليه و خرج احاديثه وقدم له الدكتور عبدالله بن المحسن التركي، شعيب الأرنؤوط، (١-٢) دار الرسالة العالمية، دمشق، ط٢، ٢٠١٢، ص ٦٠٢-٦٠٣.

[13]- د. سعيد عبداللطيف فودة، الشرح على العقيده الطحاوية، الأصلين للدراسات والنشر، القاهرة، ط٣، ٢٠١٧، المجلد الثاني، ص ١١٣٥.

هەروەها یەکێک لەنوسەران، لەدوای ئەوەی (لەبارەی تەفسیری ئایەتەکەی ئیسرائەوە (٨٥) باس لەوە دەکات کە ڕۆح نهێنیەو مرۆڤ نایزانێت و چەند قسەیەک لەم بارەیەوە دەڵێت: (( جا ئەگەر واتای ئایەتەکە ڕێگرییێت لەقسەکردن دەربارەی ڕۆح، چۆن پاساو بهێنینەوە بۆ قسەی هەندێ لەزانایان لەسەر ئەم بابەتە، وەکو محەمەدی کوڕی نسری مروزی، وە قازی ئەبو یەعلای حەنبەلی و حافز ئەبو عەبدوڵلای کوڕی موندە کە کتێبێکی گەورەی داناوە لەسەر (ڕۆح و نەفس)... و کەسانی تریش. وەڵامەکەشی ئەوەیە: قسەی ئەو زانایانە بە خەملاندن و ئەقڵی ڕووت نەبووە، بەڵکو بەپێی (دەقی شەرعی!) قسەیان کردووە، بەتایبەتیش (فەرمووده!؟)، ئیبن تەیمیەش دەڵێت: (( لەقورئان و فەرموودەدا شتێکمان دەستناکەوێت رێگری بکات لەمسوڵمانان کە قسە بکەن لەسەر رۆح بەپێی ئەوەی لەقورئان و فەرمودەدا هاتووە، نە لەخۆیدا و نە لەچۆنیەتیەکانیدا، بەڵام قسەکردن بەبێ زانیاری دروست نییە)).[14] پێم باشە لێرەدا ئاماژە بەوگوتەیەش بکەم کەدەڵێت : ((حەکیم و موتەکەلیمەکان و غەیری ئەوانیش لەڕونکردنەوەی حەقیقەتی ڕۆحدا کەوتونەتە جیاوازیەکی گەورەوە، تەنانەت گوتراوە قسەکانیان لەم مەسەلەیەدا گەیشتووەتە سەد قسە ( سەد بۆچوون ) )).[15] مەبەستی ئێمە لەباسکردنی ڕۆح لێرەدا، و هێنانی ئەولێکدانەوە جیاوازو نەشیاوانەیە، و قسەکردنی زانایان بەشێوەیەکی ناکۆک بە ئایەتەکەی ڕۆح، و (....) شلکردنیان لەبارەی قسەکردن لەغەیبەوە، ئەوەیە کە مەسەلەی گیانکێشان و ئەجەل و سزای ناوگۆرو کۆی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەو مانایەی ئەوەی مرۆڤ لەژیانەوە بەرەومردن دەگوازێتەوە، و کۆتایی بەژیانی دونیا و زیندویەتی جەستەی دەهێنێت لای ئاینەکان بریتیە لە( رۆح).

کەواتە هەرکاتێك قسەکردن لەسەر رۆح، کە بەگوێرەی دەقی قورئان نهێنیە و هیچی لەبارەوە نازانرێت ڕێگەی پێبدرێت، ئەوا بەئاسانی زەمینەسازیی دەکرێت بۆ قسەکردن لەبارەی چۆنیەتی ڕۆحکێشان، و ڕاگەیاندنی سزاکانی ناوگۆڕ و بەرزەخ و کۆی ئەوبابەت و وردەکاریانەی پەیوەست بە دۆخی مردن و دوای مردنەوە، بە باسوخواسی ڕۆژی قیامەتیشەوە.

## باسی دووەم: حەقیقەتی ئەجەل چیە؟

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە بەدحاڵیبوون لەبارەیەوە زۆرە، حەقیقەتی مردن و کۆتاییهاتنی ژیانی مرۆڤی بەئاڕاستەیەکی نەرێنی و نادروستدا بردووە، بریتیە لەبابەتی ئەجەل. کۆمەڵێک ئایەت لەقورئانی پیرۆزدا لە شوێن و سیاقی جیاجیادا هاتوون کە وشەی (اجل)یان بەچەند مانایەکی جیاواز تیادا بەکارهاتووە.

گرنگترین شت سەبارەت بەم بابەتە ئەوەیە کە هەوڵی ماناکردنی وشە و چەمکی (اجل) بدەین. ئەسفەهانی لەفەرهەنگە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: { الأجل؛ المدة

[14]- ئیلیاس بیلکا، عەقڵ و غەیب، لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی سنورەکانی زانستی مرۆڤ، وەرگێرانی کۆسار بەرزنجی، سەنتەری زەهاوی، ٢٠١٦، ل ٣٠٦- ٣٠٧.
[15]- د. اشرف حزبي عبدالفتاح، قضية الموت بين الفلسفة و الدين و موقف العلم الحديث مفهما، المكتبة الأزهرية للتراث، ٢٠١٦، ص٤٢٧

المضروبة للشيء}؛ واتە ماوەیەکی دیاریکراوە بۆ شتێك (وَلِتَبْلُغُوا أَجَلا مُسَمًّى)(غافر: ٦٧) واتە؛ بۆئەوەی بگەنە کاتێکی ناوبراو ( دیاریکراو).

دەشگوترێت: {دَيْنُهُ مُؤَجَّلٌ}؛ قەرزەکەی کاتی بۆدیاریکراوە. {وقد أجلته}؛ ئەجەلێکم (کاتێکم) بۆدانا. {جعلت له اجلا}، بەو کاتەش کەبۆ مرۆڤ دیاریکراوە دەگوترێت {أجل}. دەگوترێت{ أجل، عبارة عن دنو الموت}؛ واتە؛ ئەجەلەکەی نزیکبووەوە، وەک گوزارشتێک لە نزیکبوونەوەی مردن.[16]

ئەگەر چەمکی (اجل) بەگوێرەی ئەوەی دەدرێتە پاڵی جیاوازبێت، ئەوا لەفزی (اجل) گەر بەبێ بەسترانەوە بەشتێکەوە (بەبێ ئەوەی بدرێتە پاڵ شتێک) بەکاربهێنرێت بەرەهایی، ئەوا ئەو مانایەی بەزۆریی دەستپێشخەری دەکات بۆ گەیشتن بەزەینی مرۆڤ – بەتایبەت گەر ئەم وشەیە لەکتێبی موتەکەلیمەکاندا باسکرا- مانای ئەجەلی مردن (کاتی مردن) دەگەیەنێت)).[17]

(( وَلَنْ يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا)) {المنافقون، ١١} واتە: خودا هیچ نەفسێک (کەسێک) دواناخات گەر ئەجەلەکەی (کاتەکەی) هات)).

هەروەها لە ئایەتی ٤٣ی المؤمنوندا هاتووە: (( مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَأْخِرُونَ))، واتە لەکاتی دیاریکراوو بڕیاردراوی خۆیدا دێت.

پڕوابوون بە ئەجەل بەواجب دادەنرێت لەبەرئەوەی بەشێکە لەپڕوابون بە قەزاو قەدەر، پڕوابون بە قەزاو قەدەریش یەکێکە لەپایەکانی ئیمان. مەسەلەی قەزاو قەدەریش بۆخۆی زۆر ئیشکالاوییە، بەتایبەت کە زانایانی مسوڵمانان لەکۆن و نوێدا بەهۆی دەقگەرایی و حەرفیبوونیانەوە لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقەکاندا نەیانتوانیەوە بەئەنجامێکی ڕۆشن و قەناعەتپێکەر بگەن. دەڵێن هەمووشتێك لەژێر ویست و مەبەستی خودادایە، واتە لەژێر دەسەڵات و ویستی قەزاو قەدەری خودادایە و هەر خۆیەتی بڕیاری هەمووشتێک دەدات (( وَمَا تَشَاءُونَ إِلا أَنْ يَشَاءَ)) ( ویستتان نابێت مەگەر خودا بیەوێت). واتە دەبێت خودا لەسەرەتادا ویست و ئیرادەی هەبێت پاشان ئێوە دەبنە خاوەنی ویست، واتە هەموو کار و کردەوەیەک خودا ئەنجامی دەدات؛ بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەڵێن مرۆڤ لەکردەوەکانی بەرپرسیارە بەباش و خراپیانەوە! بەڵام هەتا خودا بڕیار نەدات و ویستی لەسەر نەبێت بەندە ناتوانێت هیچ بکات.

کەواتە لێرەدا لەیەککاتدا خودا و بەندە هەردووکیان بکەرەکەن. یان دەبێت بڵێین خودا بەچەشنێک بکەرە و مرۆڤیش بەچەشنێکی دیکە! دیارە هۆکاری ئەم ...... ئەوەیە کە کۆمەڵێك ئایەت لەقورئاندا هەن سەبارەت بە قەزاو قەدەر کە هەندێکیان کردەوەکان بۆ خودا دەگەڕێننەوە، هەندێکی دیکەشیان بۆ بەندە! واتە ئەو ئایەتانەی باسی قەزاو قەدەر دەکەن دەبن بەدوو کۆمەڵە و دوو جۆری دژ بەیەک!

[16]- العلامة الراغب الأصفهاني، مفردات ألفاظ القرأن، تحقيق صفوان عدنان داوودي، دار القلم، دمشق، ط٥، ٢٠١١، ص ٦٥.
[17]- د. اشرف حزبي عبدالفتاح، قضية الموت بين الفلسفة و الدين و موقف العلم الحديث مفهما، المكتبة الأزهرية للتراث، ٢٠١٦، ص ٣٩٥.

خۆ ناکرێت ئەم بابەتە ئاوا بەهەڵواسراوی و دژبەیەکی بمێنێتەوە، گەرچی زانایان هێشتوویانەتەوە. لەراستیدا حەقیقەتی مەسەلەی قەزاو قەدەر بریتیە لەوە کە خودا زانستی بەشتەکان هەیە، و پێش ڕوودانیان ئاگادریانە، لەهەمان کاتدا دەسەڵاتیشی بەسەریاندا هەیە. واتە کاتێک بەندەیەک خراپەیەک دەکات خودا پێش ئەوەی بیکات دەزانێت کە ئەو مرۆڤە ئەو کارە خراپە دەکات، دەشتوانێت ڕێگری لێبکات بەڵام نایکات.

کەواتە قەزاو قەدەر سەلمێنەری دوو سیفەتی خودایە کە (علم) و (قدرة)ن، ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەیە مرۆڤەکان هەست بە ئامادەیی و چاودێریی خودا بکەن بەبەردەوامی. ئەگەرنا خودا ویستی ئەو کردەوانەی نیە کە مرۆڤ دەیانکات، بەڵکو مرۆڤ بۆخۆی دەیانکات و ئازادە لەئەنجامدانیاندا بەباش و خراپیانەوە، ئەگەرنا تەکلیف و سزا و پاداشت سودی نەدەبوو!

قورئانی پیرۆز لەشوێنێکدا مەبەست و حیکمەتی قەزاو قەدەری جوان روونکردوەتەوە کە بریتیە لەهەردوو ئایەتی {٢٢} و {٢٣} ی سورەتی {حەدید} : (( مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الأَرْضِ وَلا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٢٢﴾ لِكَيْلا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾)) واتە؛ بەڵایەک لە زەوی و لەخۆتاندا ڕوونادات کە لەکتێبدا نەبێت (نەزانراو نەبێت) پێش ئەوەی دروستی بکەین (ئەنجامیان بدەین)، ئەوەش لای خودا ئاسانە، بۆئەوەی خەم نەخۆن بۆئەوەی لەکیستانچووە، دڵخۆشیش نەبن (لەڕادە بەدەر؛ کە بیێتەمایەی خۆڵیگۆڕان) بەوەی کە پێتان دراوە، خوداش هیچ کەسێکی لەخۆڕازی و فیزکەری خۆش ناوێت).

مەبەستەکە ڕوونە و بریتیە لەوەی ڕوداوەکان زانراون و لەژێر دەسەڵاتی خودادان، دەسەڵاتی خوداش بۆئەوەیە کاتێك توشی بەڵا و ناخۆشی دەبن خەفەت نەخۆن، و بڵێن دیارە خودا ویستی وابووە و بەمەش ئارام بن، لەبەرامبەریشدا کەتوشی نەخۆشی و دەوڵەمەندی بوون خۆتان لیٚنەگۆڕێت، وە بزانن؛ خودا دەتوانێت لێتانی بستێنێتەوە و ئاگاشی لێتانە، کە ئەمەش لەفیز و غرور و تەکەبور و بەسوکسەیرکردنی هەژاران و داماوان دورتان دەخاتەوە.

کەواتە قەزاو قەدەر لەپاڵ دەرخستنی چەند سیفەتێکی خودادا، لایەنێکی دەروونی گرنگیشی هەیە، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانن کە هەمیشە لەئاینەکاندا شتانێک هەن دەبێت لەبەندەکان بشاردرێنەوە و بەنەزانراوی بمێننەوە، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئاین بوونی نهێنی و نەزانراوە، بۆئەوەی مرۆڤ لەبەرامبەریدا هەست بە سەرسامی و لەهەمان کاتدا نەزانیی و بێدەسەڵاتی یان کەم دەسەڵاتیش بکات، قەزاو قەدەریش لەم جۆرە بابەتانەیە، هەربۆیە بەڕواڵەت لەنێوان قیستی خودا و مرۆڤدا دێت و دەچێت و وەک مەتەڵ دێتەبەرچاو.

بابگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی ئەجەل، سەبارەت بە شوێنەوارەکانی پروابوون بەئەجەل، گەر تەماشا بکەین، لەپاڵ بوونی لایەنی ئیجابیدا، چەند لایەنێکی نێگەتیڤیشی هەیە، کە وەک دیارە لای مسوڵمانانی تەقلیدی و ڕوکەشگەرا هەمیشە لایەنە نێگەتیڤەکان کاریگەرییان هەیە و هەستیان پێدەکرێت، کە بریتین لە (فەرامۆشی) بۆنمونە، وەک دەبینین زۆرێک لە مسوڵمانان خۆیان لە بەڵاو نەخۆشی و کارەسات ناپارێزن بەبیانوی

ئەجەلەوە، کە گوایە دیاریکراوە و پراوەتەوە، ئەگەر پریاربێت توشی نەخۆشیبین یان توشی بەڵابین ئەوا هەر توشیاندەبین، خۆمان بپارێزین یان نا!؟

هەروەها سەبارەت بە دانانی پەرنامە بۆ ئایندە و هەوڵدان بۆ هێنانەدی خولیا و خەونەکانمان، لەم بارەیەشەوە دەڵێن خۆماندووکردنی زۆری ناوێت، چیمان لەناوچاوان نوسراپێت هەرئەوەیە!

هەروەها زۆرجار مسوڵمانان، لە هۆکارەکانی مردنی خەڵکیدا توشی دودڵی و ڕاڕایی دەبن، بۆنمونە کەسێک دەکوژرێت، هەندێکیان دەڵێن ئەجەلی هاتبوو، قەدەر وابوو دەبوایە بکوژرێت، هەندێکی دیکەشیان دەڵێن نەخێر وانیە خەتای بکوژەکەیە. یان کاتێك کەسێک بەڕووداوی ئۆتۆمبێل بۆ نمونە گیان لەدەستدەدات یاخود بەخنکان یان تەنانەت بەنەخۆشیش.... تاد!! کە ئەم هەڵوێستەش لەلایەکەوە بوونی هۆکارەکان فەرامۆش دەکات، لەلایەکی دیکەوە تاوانباران پیشان دەدات، لەهەمان کاتدا تاوانەکانیش دەداتە پاڵ خودا!

بوونی ئەجەل جۆرێک لەترس و تۆقینیش لای مرۆڤ دروست دەکات، چونکە چاوەڕێی ئەجەل دەکەین بمانمرێنێت نەک هۆکارەکانی وەک پیری و نەخۆشی و .... تاد، وەک ئەوەی ئەجەل فریشتەیەکی دڕەندەبێت ( هەرچەندە دڕەندەش بۆ فریشتە ناگونجێت!) هەمیشە لەبۆسەدابێت بۆمان، تێڵایەکی بەدەستەوەبێت، و کاتژمێرێکی لە مەچەکدابێت، بەردەوام سەیری کاتژمێرەکەی دەستی بکات ئاخۆ نەگەیشتوەتە سەر فڵانە چرکە بۆئەوەی فیسارە کەسی دیاریکراو لەو چرکەیەدا بکوژێت و تێڵاکە بەسەریدا بکێشێت!

سەبارەت بە ئەجەل موعتەزیلەکان دەڵێن، ئێمە ئەوەمان قەبوڵە و پڕوامان پێیەتی کە مەرگی ئاسایی مرۆڤەکان بەهۆی ئەجەلەوەیە، بەڵام مەرگێک بەهۆی کوشتنەوەبێت ئەجەل نییە، واتە خودا هۆکار نیە بەڵکو بکوژەکە هۆکاری مردنەکەیە! دیارە موعتەزیلەکان بەوەدا کە بەراورد بە ئەهلی سوننە و جەماعە ئەقڵانی بوون، توانیویانە تاڕادەیەک کێشەکان ڕوون بکەنەوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا هەڵوێستەیەکیش لەسەر فەرموودەیەک بکەین کە لەم ڕووەوە زۆر باو و بڵاوە و ئیشکالیەتی گەورەی لەمبارەیەوە دروستکردووە. بریتیە لە فەرمودەی چوارەمی ئەو چل فەرمودە تایبەتەی کە ئیمامی نەوەوی جیایکردونەتەوە، و بەچل فەرمودەکەی نەوەوی (الأربعون النووية) بەناوبانگە، وچەندین ڕاڤە و لێکدانەوەی لەسەرە. ئەمەش هەندێک لە دەقەکەیەتی (( إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما نطفة، ثم يكون علقة مثل ذلك، ثم يكون مضغة مثل ذلك، ثم يرسل إليه الملك فينفخ فيه الروح ويؤمر بأربع كلمات: بكتب رزقه، وأجله، وعمله، وشقي أو سعيد.)) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە. واتە (( هەریەکێک لەئێوە لەسکی دایکیدا چل ڕۆژ ئاوە {واتە بەئاوێتی دەمێنێتەوە}، لەپاشاندا چل ڕۆژی تر بەپارچە خوێنی، پاشان دەبێتە پارچە گۆشتێك وەک ئەوە ( و لەماوەی چل ڕۆژدا) ئینجا خودا فەرمان بەفریشتەکان دەکات رۆحی بکاتەبەر، هەروەها چوار شتی بۆ بنوسێت، ڕزقەکەی، ئەجەلەکەی، و کارەکی، و بەدبەخت یان بەختەوەر...))

واتە گوایە دوای تێپەڕینی سێ چل ڕۆژی کە دەکاتە سەدوبیست ڕۆژ، یان چوار مانگ، ئیتر ئەو کۆرپەلەیە ڕۆحی بەبەردا دەکرێت، دواتریش فەرمان بەفریشتەکە


CHAWDER Enlightenment Center© | Research Department

دەکرێت دوای ئەوەی ڕۆحی بەبەردا دەکات، کە ئەو چوارشتە بنوسێت. سەیر لەوەدایە ئەوەی کە لەناو بیروباوەڕە میللییە گشتیەکەدا باوە کەچارەنوس لەسەر ناوچەوانی مرۆڤ دەنوسرێت، لە فەرموودەیەکی سەحیحدا هاتووە، یەکێک لە زانا ناودار و متمانەپێکراوەکانی ئیسلام لە ڕاڤەی ئەم فەرمودەیەی قەدەر و ئەجەلدا هێناویەتی.[18]

یەکێک لە سەلەف گوتویەتی: هیچ شتێك هێندەی نوسراوی پێشوەختی (قەدەر) چاوەکانی نەخستۆتە گریان. سوفیانیش بەیەکێک لەپیاوچاکانی گوتووە: ئایە زانستی خودا لەبارەی تۆ قەت تۆی خستۆتە گریان؟ ئەو پیاوە دەڵێت: وایلێکردوم هەرگیز دڵخۆش نەبم. سوفیان دەگریا و دەیگوت: دەترسم لەکاتی مردنمدا ئیمانم لێزەوت بکرێت.[19]

لەهەمووی گرنگتر لێرەدا سەبارەت بەبابەتی قەزاو قەدەر، ئەوەیە کە زانایانی ئیسلام لەبارەی ئەوەوە ناکۆکن کە ئاخۆ قەدەر یەکێک لەپایەکانی ئیمانە یان نا؟ لێرەدا زۆربەی زانایانی گروپە ئیسلامیەکان ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە یەکێک بێت لەپایەکانی باوەڕ (( قسەکردن سەبارەت بەوەی ئیمان بەقەدەر پایەی شەشەم بێت لەپایەکانی ئیمان، بابەتێکی هەڵبەستراوە لەئایندا (واتە بیدعەیە)، بەڵگەهێنانەوەش بۆ فەرموودەی ئاحاد لەم بوارەدا زۆربەی زانایانی گروپەکان ڕەتیدەکەنەوە، لەبەرئەوەی لەباشترین حاڵەتدا تەنیا گومان دەبەخشین کە لەمەسەلەی بیروباوەڕدا گومان ڕەتکراوەیە)).[20]

نوسەری کتێبی (مسائل القدر في القرأن الكريم) سەرنجێکی دیکەی گرنگ دەخاتەڕوو و دەڵێت: (( ئەشعەریەکان دەڵێن: خەلق {واتە دروستکردنی کردەوەکان و پیارەکانیان} تایبەتە بەخودای بێگەردی باڵاوە، ئەنجامدانەکەشی تایبەتە بە بەندەکان ( إن الخلق لله سبحانه و تعالى، والكسب للعبد)، ئەمەش بابەتێکی ناڕوون و نامەفهومە، بەڵکو بەتاڵی و پوچیەکەی ئاشکرایە، لەو ڕووەوە کە ئەگەر تواناکە هی دروستکردنی خودا (و بەرهەمی ئەو بێت)، لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەداو ئیرادەکەش هەر دروستکراو و بەرهەمی خودا بێت، کەواتە چی لە (کسب؛ ؛کارکردنی بەندە) دەمێنێتەوە، جگە لەناوی بێناوەڕۆک؟ بەهۆی لاوازیی ئەم گریمان و بۆچونەشەوە؛ لە لاوازیدا نمونەی پێ هێنراوەتەوە و گوتراوە؛ اضعف من كسب الأشعري.. لاوازترە لەو کەسب کارەی بەندە کەلای کەسی ئەشعەری بوونی هەیە.[21]

## باسی سێیەم: گیانکێشان و بابەتەکانی

سروشتی ئاین بۆخۆی بەچەشنێکە کە دەیەوێت هەموو کارو کردەوەو جووڵە و چالاکییەکی نەک تەنیا مرۆڤەکان، بەڵکو دیاردەکانی گەردونیش، بۆخۆی بگەڕێنێتەوە، واتە هەموو کردارێک بەگشتی بداتە پاڵ خۆی. ئەم بابەتە لەئایندا یەکێکە لەبابەتانەی کە دەخوازرێت گەورەیی و دەسەڵاتی ئاینی لێوە ئاشکرابکرێت. خودا لەقورئاندا دیاردە

-[18] المحافظ ابن رجب المنباي، جامع العلوم والحكام في شرع خمسين صوتيا من جوامع الكام، تحقيق احمد سالم، دار الغد الجديد، مصر، ٢٠٠٥، ص ٧٨

-[19] هەمان سەرچاوە : ل ٨١

-[20] باباعلي الشيخ عمر القرداغي، مسائل القدر في القرأن الكريم، مكتب التفسير، اربيل، ٢٠٠٩، ص ٢٣

-[21] هەمان سەرچاوە، ل ٤٣ .

سروشتیەکان دەداتە پاڵ خۆی، لەنموونەی بارینی باران، و جووڵەی هەورەکان، و جووڵەی ئەستێرەکان، و دروستکردنی منداڵ و... زۆر بابەتی تر.

ئەوەی کە لێرەدا لەمەزیاتر جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەگەرچی خودا زۆربەی جار ئەم دیاردەو ڕوداوانە ڕاستەوخۆ لەقورئاندا دەداتە پاڵ خۆی، بەڵام هەندێکیشیان دەداتە پاڵ فریشتەکان. بەتایبەتیش لەفەرمودە سەحیحەکانی پێغەمبەردا (د.خ)، زۆربەی شتەکان دراونەتە پاڵ شتەکان.

کەواتە ئێمە لێرەدا یان دەبێت ئیرادەی ئینسانەکان و هۆکار و ئامرازەکان و ڕاستیە زانستی و واقیعیەکان بخەینەلاوە، یان دەبێت بەجۆرێک لەجۆرەکان هەوڵی تەئویلکردنی ئەو بابەتانە بدەین.

دیارە گیانکێشان یەکێکە لەو بابەتانەی کە قورئانی پیرۆز بە ڕاشکاویی داویەتپە پاڵ فریشتەیەکی تایبەت کە بەفریشتەی مەرگ (ملک الموت) مەشهورە، لای خەڵکیش بەناوی ( عیزرائیل) ەوە ناسراوە.

(( قُلْ يَتَوَفَّاكُم مَّلَكُ الْمَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ ﴿١١﴾)) {السجدة- ١١}. واتە: بڵێ فریشتەی مەرگ دەتانمرێنێت کە ئێوەی دراوەتەدەست (واتە ئەوکارەی بۆئێوە پێسپێردراوە) بۆلای پەروەردگارتان دەگەڕێنێتەوە)).

لێرەدا بابەتەکە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی قەزاو قەدەر، سەبارەت بەوەی ئایە ئەوە هۆکارەکانی کوشتن و لەناوبردنی مرۆڤە، واتە هۆکارەکانی مراندنی مرۆڤن، کە دەبنە هۆی مردنی، یان ئەو مردنە بەبێ فریشتەی مردن مەحاڵە بێتەدی. واتە گەر فریشتەی مردن نەبوایە، مرۆڤ هەرگیز نەدەمرد، و هیچ هۆکارێک هەرچەندە گەورە و سەخت و کاریگەریش بوایە نەیدەتوانی مرۆڤ بمرێنێت، و کۆتایی بەژیانی بهێنێت!!

لەو ڕوانگەیەوە کە مردن کۆتایی بە ژیانی مرۆڤ دەهێنێت، وبەرەو نەمانی دەبات، دەیخاتە دۆخێکەوە کە ئیدی هیچ ئیرادە و دەسەڵاتێك و توانا و جوڵەیەکی نامێنێت. لەهەمان کاتدا 'لەبەرئەوەش کە جەستەی لەناودەچێت ، و تەنیا ڕۆحەکەی دەمێنێتەوە وە کە ڕۆحیش سەر بەجیهانی ڕۆح و میتافیزیکە، ئەو جیهانەش نەزانراوەو تایبەتە بەخوداوە، و مرۆڤ هیچی لێ‌نازانێت و دەسەڵاتیشی بەسەریدا نیە، لەبەر سەرجەم ئەو هۆکارانەیە، کە مردن بەفریشتەیەک سپرێردراوە کە لەلایەن خوداوە دیاریکراوە، واتە بابەتی مردن کراوە بەباتێکی تایبەتی غەیبی و خودایی و ئاینی.

لەهەمان کاتدا بوونی ئەو فریشتەیە، مایەی مەترسییە، و یەکێکە لەو بابەت و هۆکارانەی ترس و تۆقین بۆ بابەتی مردن دروستدەکات، بیرکردنەوەی ئەم ترسەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەنجامدانی چاکە و دورکەوتنەوە لە خراپە، و بایەخدانی زیاتر بە بابەتە ئاینی و غەیبییەکان.

ئەوەی بەبابەتی (گیانکێشان) بەناوبانگە، لەڕاستیدا (گیاندان) یان (گیانەڵا) یاخود ( گیاندەرچوون)ە. واتە هۆکارێک لەئارادا نیە بۆ کێشانی ئەو گیانە یان هێنانەدەرەوەی لەجەستە. بەڵکو ئەوە دۆخێکی جەستەی مرۆڤە کە بەهۆی نەخۆشییەوە یان هەر هۆکارێکی دیکە، توانا و ژیانی لەدەستدەدات. واتە حاڵەتێکی جەستەیە کە تێیدا بەر زەبرێك یان هۆکارێک دەکەوێت یان ڕوبەڕوی نەخۆشییەکی سەختی کوشندە دەبێتەوە کە بەرگەی ناگرێت، و کۆتایی بە زیندوێتیەکەی دەهێنێت. ئەم کۆتاییهاتنی ژیانی

جەستەیەش، یان مردنی مرۆڤەکەش بەهۆی لەکارکەوتنی دڵ و مێشکەوە بەئەنجام دەگات.

بەگوزارشتێکی دیکە، ئەوەی لە فەرهەنگی ئاینیدا بە ئازار و ناڕەحەتی گیانکێشان دادەنرێت. لەڕاستیدا ئازار و نارەحەتی نەخۆشییەکە یان هۆکارێکە کە کۆتایی بەژیانی جەستە دەهێنێت، هاوشێوەی بوونی هەر ئازارێکی دیکەی پێشوەخت، بەڵام جیاوازیەکە لێرەدا لەوەدایە کە ئازار و نەخۆشیی و زیانەکانی دیکە کەپێشتر بەر جەستە کەوتووە، نەگەیشتوەتە رادەیەک کە ئەوەندە بەهێز بێت دڵ و مێشکی خاوەنەکەی بەرگەی نەگرن، هەربۆیە ئەو مرۆڤە بە زیندویەتی ماوەتەوە تا لەکۆتاییدا توشی نەخۆشیەکی یان ڕوداوێک بووە کە بەرگەی نەگرتووە، و بەرەو مردنی بردووە.

لێرەشەوەیە کە مردنی جەستەو بەرگەنەگرتنی لەبەرامبەر نەخۆشی یان ڕوداو و هۆکاری دیکە، بەزۆریی لە بەساڵاچواندا روودەدات، چونکە جەستەیان بەرگری کەمدەبێتەوە، بەوەدا کە جەستە بۆخۆی تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە کە یەکسانە بەتەمەنی مرۆڤ خۆی.

لێرەدا دەپرسین: گەر دەرچوونی ئەو ڕۆحە یان هێنانە دەرەوەی تایبەتە بە فریشتەی گیانکێشان و کاتی دیاریکراوە (بەئەجەلەوە) بۆچی ئەو فریشتەیە بەزۆری لەتەمەنی بەسەلاچووندا گیانی مرۆڤەکان دەکێشێت، یان بۆچی ئەجەل و کاتی دیاریکراوی مردنیان، و میقاتکردنی کاتژمێری دەستی عیزرائیل، هەر دەکەوێتە ساڵانی کۆتایی تەمەنی مرۆڤەکانەوە؟!!

خاوەنی شەرحەگەورەکەی تەحاوی، دەڵێت: (تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ سَلَامٌ ) واتە؛ ڕۆژێک کە بە(ملك الموت) دەگەن، هیچ پرواداڕێک نیە کە ڕۆحی بکێشرێت و سەلام لەو فریشتەی گیانکێشانە نەکات، ئەم تەفسیرەش وەک فەرموودەیەکی سەحیح لە ..... هێناوە.[22] ئەم دەقە لەئایەتی ٤٤ی سورەتی (احزاب)دا هاتووە، (تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ سَلَامٌ ) واتە؛ سڵاوی خودا بۆ پرواداران کاتێك پێیدەگەن بریتیە لە (سلام) واتە اسلام علیکم)). بەڕوونی دیارە کە ئەم گوتەیە لە قیامەتدایە.

((ابن كثير)) لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت: وادیارە مەبەستەکە – خوداش زاناترە- ئەوەبێت کە – سڵاوکردنیان ( تَحِيَّتُهُمْ)، واتە: لەخودای بەرزەوە کاتێک پێیدەگەن بریتیە لە ( سَلَامٌ )، واتە ئەو ڕۆژەی سڵاویان لێدەکات وەک دەفەرموێت: (( سَلَامٌ قَوْلًا مِنْ رَبٍّ رَحِيمٍ ﴿٥٨﴾ )) {یس/ ٥٨}.

قەتادە پێی وایە کە ( سَلَامٌ ) سڵاو لەیەکتری دەکەن کاتێک بەخودا دەگەن لەڕۆژی دواییدا. ( عبدالرزاق بەسەنەدێکی سەحیح هێناویەوتی کە بە دەربڕینی (تحية اهل الجنة؛ السلام) (سڵاوکردنی ئەهلی بەهەشت؛ السلام)ە. ابن جرير (گوتم) (ابن كثير دەڵێت)؛ بەم گوتەیەی خوداش بەڵگەی پێدەهێنرێتەوە، ( دَعْوَاهُمْ فِيهَا سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَامٌ ) {یونس/ ١٠}. واتە؛ ( نزاکەیان تێیدا (لەبەهەشتدا) بریتیە لە ( سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ )

[22]- د.سعيد عبداللطيف فودة، الشرح الكبير على العقيدة الطحاوية، المجلد الثاني، ص ١١٢٢.

جۆری سڵاوکردنەکەشیان تێیدا (سَلامٌ )ە. لە کۆتایی ئایەتەکەشدا دەفەرموێت: ( وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا ) ؛ پاداشتێکی بەڕێزیشی بۆ ئامادەکردون. (يعني: الجنة) واتە لەبەهەشتدا.[23]

واتە تەفسیری ئایەتەکە زۆر ڕوونە کە مەبەست پێی ڕۆژی قیامەتە، بەتایبەتیس کە بە ( وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا ) کۆتایی هاتووە.

## سەرچاوەکان

١_الدكتور زكريا إبراهيم ، مشكلة الحياة، دار مصر للطابعه.

٢_ بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، ٢٠١١، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٣_ئەدۆنیس، شوناسی تەواونەکراو ( داهێنان، ئاین، سیاسەت، سێکس)، و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لە بلاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ٢٠٠٨.

٤_عبدالرحمن بدوي، الموت والعبقرية، دار القام، بيروت، ١٩٤٥.

٥_ د.محمد کەمال، ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ، یانەی قەڵەم، چاپی سێیەم.

٦_ الدكتور زكريا إبراهيم، مشكلة الإنسان، دار مصر الطابعة.
٧_ د.احمد محمد عبدالخالق، قلق الموت، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٧.

٨- الإمام ابن كثير، تفسير القرأان العظيم، تحقيق، د حكمت بن بشير بن ياسين، دار ابن الجوزي، ١٤٣١هـ، ج ٥.

٩ -الإمام الشوكانه، فتح القدير، المتنى به وراجع اصوله يوسف الغوش، دار المعرفة، بيروت، لبنان، ط، ٢٠٠٨.
١٠- ابن قيم الجوزية، الروح، حقق مضوصه و خرجه يوسف عاى بديوي، دار ابن كثير، دمشق – بيروت، الطبعة الثامنة، ٢٠١٨.

١١- - ئیلیاس بیلکا، عەقڵ و غەیب، لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی سنورەکانی زانستی مرۆڤ، وەرگێڕانی کۆسار بەرزنجی، سەنتەری زەهاوی، ٢٠١٦،

١٢- د. اشرف حزبي عبدالفتاح، قضية الموت بين الفلسفة و الدين و موقف العلم الحديث مفهما، المكتبة الأزهرية للتراث، ٢٠١٦.

١٣- المحافظ ابن رجب المنباي، جامع العلوم والحكام في شرع خمسين صوثيا من جوامع الكام، تحقيق احمد سالم، دار الغد الجديد، مصر، ٢٠٠٥.

١٤- باباعلي الشيخ عمر القرداغي، مسائل القدر في القرأان الكريم، مكتب التفسير، اربيل، ٢٠٠٩.

١٥- د.سعيد عبداللطيف فودة، الشرح الكبير على العقيدة الطحاوية، المجلد الثاني.



[23]- ابن كثير- تفسير القرأان العضيم، الجزء السادس، ص ٢٠٦